Political Research Room
ژوری توێژینەوەی سیاسی
گۆران GORRAN

ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# خوێندنەوەی شیکاری بۆ ڕاپۆرتی ساڵی ٢٠١٥ی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

## دیارنەمانی داهات

MINISTRY OF NATURAL RESOURCES | KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT
وەزارەتی سامانە سروشتیەکان | حکومەتی هەرێمی کوردستان

غالب محمد عەلی
عەلی حەمە صالح

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
گۆشەی ئابوری
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com
ئازاری ٢٠١٦

# ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ساڵی ٢٠١٥ و دیارنەمانی داهات

وەزارەتی سامانە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆی بۆ ساڵی ٢٠١٥ بڵاوکردەوە. لە ئەنجامی خوێندنەوەو هەڵسەنگاندنی داتاو زانیارییەکانی نێو ڕاپۆرتە ساڵانەکەی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، چەند خاڵێکیان جێگەی سەرنجو لەسەر وەستانە، ئێمە لێرەدا هەوڵدەدەین بەچەند خاڵێک ئاماژە بۆ ئەو خاڵانە بکەینو سەرنجی خۆمانیان لەبارەوە بخەینە ڕوو:

١. لە لاپەرەی (٩) ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە زیاتر لە (٣١,٤٠٤,٦٤٨) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو فرۆشراوە بە کڕیارانی ناوخۆ، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باس لەوە نەکراوە، کە ئەو بڕە نەوتە بەچەند فرۆشراوە؟ بە کێ فرۆشراوە؟ یاخود مەبەست چییە لەدەستەواژەی لە ناوخۆدا فرۆشراوە؟

ئەمەش وادەکات وەک هەمیشە داهاتەکان شاراوە بێتو دەستی حزب ئاوەڵاتربێت لە خەرج کردنو بەکارهێنانی ئەو داهاتە.

ئەگەر بەو نرخە، نەوتەکە هەژماربکەین کە هەرێمی کوردستان لە بازارەکانی دەرەوە فرۆشتویەتی کە لە ڕاپۆرتەکە هاتووە (نرخی یەک بەرمیل نەوتی خاو = ٣٦.٧٥ $)

کەواتا پارەی نەوتی فرۆشراو لە ناوخۆی کوردستان = (٣١,٤٠٤,٦٤٨ بەرمیل x ٣٦.٧٥ $) بەکۆی گشتی دەکاتە = ١,١٥٤,١٢٠,٨١٤

٢. لە لاپەرە (٨)ی ڕاپۆرتەکەدا هاتووە کە هەرێمی کوردستان (٤,٥٣٩,٠٨٨) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی بە ڕێگەی تەنکەر لە ماوەی یەک ساڵدا هەناردەی دەرەوە کردووە، کە ڕۆژانە دەکاتە نزیکەی (١٢,٤٣٥) بەرمیل.

ئەم خاڵە جێگەی لێ وردبونەوەیە، لێرەدا شیکاریەک دەکەین بۆ ئەوەی بزانین، ئەو چوار ملیۆن بەرمیلە بەرامبەرە بە چەند تەنکەر نەوت لە ڕۆژێکدا؟

- یەک تەنکەر زیاتر لە (٢٧٨) بەرمیل نەوتی تێدایە.
- ژمارەی تەنکەر لە ڕۆژێکدا = ١٢٤٣٥ / ٢٧٨ واتە ٤٥ تەنکەر لە ڕۆژێکدا.

- کەواتا بە پێی ئەم راپۆرتە لە هەموو مەرەزەکانی کوردستان رۆژانە (٤٥) تەنکەر دەڕواتە دەرەوە، بەڵام ئەم ژمارەیە دوورە لە راستیەوە، چونکە ژمارەی ئەو تەنکەرانەی کە نەوت هەناردەی دەرەوە دەکەن زۆر لەم ژمارەیە زیاترە، تەنانەت بەپێی زانیاریەکان بەتەنها لەمەرزی پەروێزخان زۆرجار رۆژانە نزکەی (٢٥٠ تا ٣٠٠) تەنکەر نەوت رەوانەی دەرەوە دەکرێت.
- بەم جۆرە گومان لەو ژمارەیە دەکرێت، بۆیە پێویستە وەزارەتی سامانە سروشتیەکان بە وردی راستیەکان ئاشکرا بکاتو داتاو زانیارییەکان بخاتە روو، بەو جۆرەی کە ئایا ئەو تەنکەرانە باس کراون، تایبەتن بە وەزارەت یاخود سەر بە حزب و کەسی تایبەتنو وەزارەتیش ئاگاداریان نیە.

٣. لە لاپەرە (١٠)ی راپۆرتەکە هاتووە کە لە ماوەی ساڵێکدا زیاتر لە (٣٦,٦٦٥,٠٧٣) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاو دابینکراوە بۆ هەر سێ پاڵاوگەی (تاوکی، کەڵەک و بازیان)، لە دوای پاڵاوتنی ئەو بڕە نەوتە زیاتر لە (٢٣,٣٤٣,٩٩٤) ملیۆن بەرمیل بەرهەمە نەوتیەکانمان دەست کەوتووە، وەک (بەنزین، نەوتی سپی، گازوایل، نەفتا، بەنزینی فرۆکە، غازی ماڵان...)، بەڵام بە هیچ شێوەیەک لە راپۆرتەکەدا باس لە داهاتەکانیان نەکراوە، ئەمەش بەشێکە لە ناشەفافی داهاتی نەوت لە ساڵی ٢٠١٥ دا.

دوای بەدواداچونمان بۆ داهاتی یازدە مانگی ساڵی ٢٠١٥ لە بەرێوبەرایەتی دابەشکردنی نەوت (سلێمانی، هەولێر، دهۆک، نەوتو کانزاکانی کۆیە) کە داهاتەکەی دەنێرێتە بانکی کوردستان لە سەر چوار رەقەم حسابی کە ئەمانەن (سلێمانی ٣١١٣٣٠٩، دهۆک ٤٢٦٣٥٢١، هەولێر ٥٠٠١٥٦٥، کۆیە ٥٠٠١٥٦٦). بۆمان دەرکەوت داهاتی ئەو بەرهەمە نەوتیانە دەگاتە زیاتر لە (٢,١٨٠,١٧٨,٧٤٣,٨٦٥) ترلیۆن دینار کە دەکاتە زیاتر لە (١,٧٨٧,٠٢٩,٢٩٨) ملیار دۆلار.

٤. لە لاپەرە (١١)ی راپۆرتەکەدا هاتووە کە لە ماوەی یەک ساڵدا زیاتر لە (١٦,٤١٠,٣١٣) ملیۆن بەرمیل نەوتی رەش کە لە هەر سێ پاڵاوگەکە بەرهەم دەهێنرێت. بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی لە نرخی فرۆشتنو هەناردەکردنو کڕیاری نەکردووە، کە ئەمیش یەکێکە لە ناشەفافییەکانی داهاتی نەوت، لە ساڵی ٢٠١٥، بەهەمان شێوەی ساڵانی رابردوو.

٥. لە راپۆرتەکەدا هاتووە کە هەرێمی کوردستان زیاتر لە (١٣٨,٦٦١,١٩٠) ملیون بەرمیل لە رێگەی بۆرییەوە هەناردەی بەندەری جەیهانی کردووە جگە لە نەوتی پارێزگای کەرکوک کە ئەوەیش بە دوو قۆناغ:

**قۆناغی یەکەم:** لە مانگی یەک هەتا ٢٠١٥/٦/٢٣ نەوتی هەناردەکراو یەکسانە بە (٥٨,٩٥٨,٧٤٢) ملیۆن بەرمیل، کە لە رێگەی سۆمۆوە هەناردەی دەرەوە کراوە، بەغدادیش لە بری ئەو برە نەوتەی کە هەناردەی دەرەوە کراوە، ئەم رێژە پارەی هەناردەی هەرێم کردووە (٢,٤٢٣,٨٢٦,٢٦٧) ترلیۆن دینار کە یەکسانە بە (١,٩٨٦,٧٤٣,٥٦٧) ملیار دۆلار.

**قۆناغی دووەم:** لە دوای ٢٠١٥/٦/٢٣ هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥ هەرێمی کوردستان بە رێگەی بۆری بڕی (٧٩,٧٠٦,٣٥٤) ملیۆن بەرمیل نەوتی خاوی هەناردەی دەرەوە کردوە، لەگەڵ زیاتر لە (٢٧،٧٥٤،٢٨١) ملیۆن بەرمیل نەوتی کەرکوک، کە بە پێی راپۆرتەکە پارەکەی یەکسانە بە (٣,٩٤٩,٦٩٧,٧٧٧.٨٩) ملیار دۆلار.

٦. بە هیچ شێوەیەك باسی داهاتی (غازی سروشتیو نەفتاو ئێل پی جی) نەکردووە، کە دەبو لە کاتی خۆیدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بیدایە بە کۆمپانیای (دانە غاز) کە هەتا ئێستا نەیداوە، کۆمپانیای ناوبراویش بەشێکی زۆر هۆکاری سکاڵاکەی لە دادگای بەریتانیا بۆ وەرگرتنی ئەو برە پارەیە کە هەتا ئێستا لە حکومەتی هەرێمی وەرنەگرتووە کە زیاتر لە ٢ ملیار دۆلارە.

٧. هەبوونی جیاوازی زۆر، لەنێوان بڕی کۆی نەوتی بەرهەم هاتوو لەگەڵ کۆی نەوتی هەناردەکراو لە راپۆرتەکەدا، هاوکات رون نەکردنەوەی ئەو بەشەی دیکەی کە هەناردە نەکراوە بەرێگەی بۆری چی لێهاتووە.

٨. لە ڕاپۆرتەکەدا زۆر بەکەمی باسی نەوتی کەرکوک کراوە، بە هیچ شێوەیەك باسی دەرهێنانی نەوت لە کێڵگەکانی نەکراوە، کە برێکی یەکجار زۆر نەوت لەو کێڵگانە بەرهەم دێنن.

٩. وردبینی نەکردنی ئەم راپۆرتە لەلایەن هیچ دامەزراوەیەکی حکومییەوە.

کەواتە داهاتی نەوت کە لە ساڵی ٢٠١٥دا فرۆشراوە جگە لە ئەو نەوتەی کە بە تەنکەر هەناردە کراوە لەگەڵ نەوتی رەش کە بەرهەم هێنراوە دەکاتە نزیکەی (٣,٩٤٩,٦٩٧,٧٧٧.٨٩)+ پارەی عێراق کەناردوویەتی (١,٩٨٦,٧٤٣,٥٦٧) + (١,١٥٤,١٢٠,٨١٤) + (١,٧٨٧,٠٢٩,٢٩٨) = بە نزیکەی (٨,٨٧٧,٥٩١,٤٥٦) ملیار دۆلار.

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە بڕی ئەو داهاتەی دەست حکومەتی هەرێم کەوتووە زۆر زیاترە لەوەی حکومەت موچەی پێنج مانگی فەرمانبەران بخاتە ئەستۆی قەیرانی شەڕی داعشو دابەزینی نرخی نەوتەوە، بە بیانوی نەبونی پارە، چونکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو داهاتەی دەستی کەوتووە نەک هەر دەتوانێت موچەی هەر (١٢) مانگەکەی فەرمانبەرانی هەرێم بدات، بەڵکو دەشێت بەشی خزمەتگوزاریشی لێ بمێنێتەوە.

ئەو پارەو داهاتەی ئێمە حسابمان کردووە لەم راپۆرتەدا، تەنها بریتیە لەو برە داهاتەی کەدیارە ئەوەش جگە لە داهاتی (ناوخۆ، داهاتی نەوتی تەنکەر و نەوتی رەش و داهاتی خاڵە سنوریەکان).

بەم جۆرە دەردەکەوێت کە خواست و مەیلێک هەیە بۆ درێژکردنەوەی ماوەی قەیرانەکەو قورسترکردنی باری سەرشانی هاوڵاتیان، ئەگەرنا تەنها داهاتەکانی کە لەسەرەوە خستمانەڕوو دەتوانن لە ئێستادا کێشەی سەرەکی هاوڵاتیان چارەسەر بکات، کەخۆی دەبینێتەوە لە دابینکردنی موچەو قوتی رۆژانە.

**سەرچاوە:**

- ڕاپۆرتی وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، بە زمانی ئینگلیزی:

OIL PRODUCTION, EXPORT, AND CONSUMPTION REPORT 2015, at the Site:
http://mnr.krg.org/images/monthlyreports/KRG_MNR_Full_Annual_Report_2015_2.pdf